#Supportkurdistan

www.xebat.net
سێ شەممە 2017/11/14 ژمارە (5391)

# خەونی سەربەخۆیی کورد بەڵکو نزیکتربۆتەوە



**عەدنان حوسێن**

باوەڕناکەم ئاکامەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆم لەسەر مافی چارەنووسی کورد و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان خەونی سەربەخۆیی کورد و کوردستانی دواخستبێت. وەک ئەوەی هەندێک چاودێری سیاسی و نوسەر و ئەم و ئەو باسی لێوە دەکەن. خەونی کورد پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم لە 25 ئەیلولی رابردوو. هێندە دوور نەبوو لە راستی تاکو ئێستا بە دوور بزانرێت.



دوای ئەوەی حکومەتەکانی عێراق و ئێران و تورکیا ڕێکەوتن بۆ ئەوەی سزای کورد بدەن لەسەر ئازادی رادەربڕینیان لە هەمبەر بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان . ئەویش بە گەمارۆدانیان و هێنانی هێزی سەربازی و پۆلیسی فیدڕاڵی و حەشدی شەعبی و بڵاوە پێکردنیان لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەروازە سنوریە ئاسمانی وشکانیەکان. بە درێژایی سەدەیەکی تەواو خەونی کورد بووە دیلی ئەو هاوکێشە نێودەوڵەتیانەی کە لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەم و دوای ئەو جەنگە پێکهێنران و بەو پێیەوە میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسەر ئیمپراتۆریەتە ئیستیعمارییەکان دابەش کران و کوردیشیان بەسەر چوار دەوڵەتی (ئێران و عێراق و تورکیا و سوریا) دابەش کرد و رێگەیان نەدا خۆیان کۆبکەنەوە و لە یەک کیاندا خۆیان ببیننەوە. هەروەها عەرەبیشیان بەسەر 20 دەوڵەت دابەش کرد و رێگەیان نەدا یەک بگرن. ئەو هاوکێشەیە تاکو ئێستا وەکو خۆی ماوەتەوە، شێوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی دووەم لەگەل شێوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ سەدەی بیست و یەک هیچ جیاوازییەکی نیە. تاکە جیاوازی بۆ کوردەکانی عێراق ئەوەیە ، خەباتی ئاشتیانە و چەکداریان لە پێناو دانان بە ناسنامەیان تەنیا حوکمی زاتیەکی ناتەواوی لە سەردەمی سەدام حوسێن لێ هاتە بەرهەم، کە ئەویش تاسەر نەبوو، سەدام ویستی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بەرانبەریان و زیندەبەچاڵکردنیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بیابان کۆنترۆڵیان بکات. دواتریش فیدڕاڵیەتێکی پڕ لە کەموکوڕی لەسەردەمی دوای روخاندنی رژێمی سەدام حوسێن. سەرباری ئەوەی وەک شکستێکی دیکە دەردەکەوێت لە خەونی سەربەخۆیی کورد، بەڵام رێکارە بێ سەروبەرەکان کە حکومەتی عێراق گرتوویەتیە بەر لە هەموو لایەنێکەوە رەنگە ئاکامی ئەوتۆی هەبێت کە هاودژ بێت لەگەڵ بەهانەی سەرەکی گرتنە بەری ئەو رێکارانە. کە روو لە یەکپارچەیی عێراق دەکەن، هیچ دەوڵەتێک یەک پارچە نابێت ئەگەر بێتو پێکهاتەکانی گەلەکەی لە رووی ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی و سیاسی یەکپارچە نەبێت. بۆیە رەنگە رێکارەکانی حکومەتی عێراق لە هەمبەری کورد رەنگە وایان لێبکات رێچکەیی توندڕۆیی بگرنەبەر، بەتایبەتی نەوەی نوێیان کە چارەکە سەدەیە دوور لە حوکمی بەغدا ژیان بەسەر دەبات. لەوانەیە لە نێو چوارچێوەی گروپە ئیسلامیەکانەوە روو بکەنە بەکارهێنانی توندو تیژی لە دژی دەسەڵاتی مەرکەز.

پێشووتر بژاردەی چینی رۆشنبیرو سیاسی کوردزمانی عەرەبیان بەرەوانی دەازنی، بەشێکی زۆریان لە بەغداو شارەکانی دیکەی عێراق ژیاون و بەزمانی عەرەبی خوێندبوویان. رۆشنبیرو نووسەری بەتواناو بلیمەتیان تێدا هەڵکەوت و سودی زۆریان بە بزوتنەوەی رۆشنبیریی عێراق گەیاند و بەشی زۆریان تێکەڵ بەکاری سیاسی نیشتمانی گشتیی بوون (حزبی شیوعی و حزبی نیشتمانی عێراق و ئەوانی دیکە..) خودی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد کە لە نێو شارە عەرەبیەکان کاری دەکرد بووە بە شێک لە بزوتنەوەی نیشتمانی عێراق و زۆربەی جار هەڵوێستی دژ بە سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق نیشاندەدا. لەوانەش سیاسەتی حکومەتی عێراق دژ بە نەتەوەی کورد و دۆزەکەی. بەڵام ئێستا بەدەگمەن گەنجێکی کورد دەبینیەوە زمانی عەرەبی بزانێت یا سەردانی بەغدا و بەسەرە و شارەکانی دیکەی عێراقی کردبێت. ئەوەش نەک بە تەنیا بە هۆی رەوشی ئەمنی بەڵکو بەهۆی بەرژەوەندی و پێویستییەوە. ئەوە یەکێک بوو لەو هۆکارانەی وایکرد کورد بەو رێژە زۆرەوە زیاتر لە92% دەنگ بە بەڵێ بۆ ریفراندۆم بدەن لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان.

حکومەتی ئێستای عێراق گوێی بەو لایەنەی دۆزەکە نەدا، بۆیە ئەو رێکارانەی کە حکومەتی عێراق گرتیە بەر وەک سزادانی هەموو گەلی کورد دەرکەوت، ئەوەش رەنگە ببێتە مایەی ئەوەی بزوتنەوەی نەتەوەیی توندڕۆ سەرهەڵبدات کە نە مسعود بارزانی و هیچ سەرکردەیەکی کورد بتوانیت ساردیان بکاتەوە لە تۆڵە سەندنەوە لە حکومەتی ئێستای عێراق. بەهانەی گرتنەبەری ئەو رێکارانە و سەرجەم هەڵوێستە سیاسیەکان لە هەمبەر ئەنجامدانی ریفراندۆم پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق بوو، بەڵام بەهۆیانەوە هێزە شۆڤینیەکان ئەوجارە ئیسلامیە شیعی و سونیەکان بەهەلێکی زێڕینیان زانی بۆ ئەوەی رق و کینەیەکی رادەبەدەر لە دژی کورد دەربڕن، بەشێوەیەک گەیشتە ئەو رادەیەی بەئاشکرا لە رێگەی میدیاکانیانەوە هانی بەرپاکردنی جەنگ بدەن لە دژی کورد و شارەکانیان لێ داگیربکەن.

سەرکردەی سەرکەوتوو هاوشێوەی بەرێدابردنی میگەل بەدوای جەماوەر ناکەوێت بەڵکو بە بڕواوە پێش جەماوەر دەکەوێت هەڵوێستی دروست دەگرێتەبەر لە پێناو هاوسەنگی و بەرژەوەندی کۆمەڵگە. گرەنتی کردنی ئەو بەرژەوەندیانە پێویستە ئەو ئەرکە بێت کە سەرکردە لە ئەستۆی دەگرێت، بەتایبەتیش پیاوی دەوڵەتمەدار. خەریکە دەگەمە ئەو راستیەی وتاری حکومی، سیاسی بەرانبەر کورد لە پرسی ریفراندۆم و دەرهاوێشتەکانی، بە شێوەیەکی گشتی، نەیتوانیوە تەنانەت بڕوا بەچەند هەزار کوردێکیش بێنێت. کە هەڵوێستی حکومەتی عیراق و رێکارەکانی دروستن. ئەو وتارەی حکومەتی عێراق بە دوژمنانە و توند و کەسێتی و لە خۆبایی بون و بەکەمزانین دەستی پێکرد. بۆیە مایەی پێکەنینە ئەو جۆرە وتارە بتوانێت وا لە نەتەوەی کورد بکات واز لە خەونی مێژوویی سەربەخۆیی بهێنێت. بگەڕێتەوە خانەی ژێردەستیی. حکومەتی عێراق و عەرەب بەو جۆرە وتارە کوردی دورتر خستەوە لە گەڕانەوە بۆ خانەی ژێردەستیی، بەڵکو زیاتر هانمان دان بۆ ئەوەی رژدتر بن لەسەر بەدەساهێنانی ئەو خەونەی کە پێویست نەکات سەد ساڵی دیکە لەسەری بوەستن.

**و/ عەبدولقادر کەڵهۆر**

**سەرچاوە: شەرقولئەوسەت ژمارە (14230)، 13 نۆڤەمبەری 2017**

# پشتگیری رووسیا هاوکێشەکانی گۆڕی



**زوهری جەبەلی ئێدلبی**

لە کاتێکدا مەترسییەکی گەورە هەبوو بۆ سەر هەرێمی کوردستان و کەوتنی کەرکوک، سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی رووسیا بۆ هەموو جیهان ئاشکرای کرد کە روسیا لە هەرێمی کوردستان پەرە بە کارەکانیان دەدەن و گرێبەستی نوێی لە لە گەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێم واژوو کرد. هەڵوێستی رووسیا لەبارەی گشتپرسیی هەرێمی کوردستان نەگۆڕاوە و مۆسکۆ رێز لە خواست و داواکارییەکانی گەلی کورد دەگرێت و بەردەوامی دەدەنە کار و چالاکی کۆمپانیا رووسییەکان لە هەرێمی کوردستان، لاڤرۆڤ جەختیشی کردەوە کارەکانیان فراوانتر دەکەن. لە هەمووی گرنگتر کونسوڵخانەی رووسیا لە هەولێر دووپاتی کردەوە لەوەی دۆستی گەلی کوردن، پۆتینیش لە سەردانەکەی بۆ تاران جەختی لەوە کردەوە کە گەلی کورد خاوەن پێگەیەکی بەهێزی نێودەوڵەتین و پێویستە رێز لە خواستەکانیان بگیرێت. ئەم پشتگیریەی سەرۆکی رووسیا ، زیاتر پێگەی هەرێمی کوردستانی پتەو کرد.

دوای ئەمانەش هەر چەندە هەرێمی کوردستان لە ژێر هەڕەشەیەکی گەورەی نێودەوڵەتیدا بوو، بەڵام کۆمپانیای رۆزنەفت، پشکی گرووپەکانی کۆمپانیاکەی لە رێککەوتننامەی هاوبەشی وەبەرهێنان لە بواری وزە لەگەڵ هەرێمی کوردستان 80% دەبێت و بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ هەریەک لە پێنج بلۆکەکە لە 40 ملیۆن دۆلاری ئەمریکییەوە دەستپێدەکات و تاوەکو 110 ملیۆن دۆلار دەڕوات.

لە لایەکیترەوە، 16 کۆمپانیای تورکی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن و بە سەرمایەی 130 ملیۆن دۆلار، ئەمە بێجگە لەوەی کە لە 10 پڕۆژەی دیکەشدا بەشدارن و سەرمایەی ئەم 10 پڕۆژەیەش دەگاتە 666 ملیۆن دۆلار، ئەمەش وای کردووە کە تورکیا بخاتە ژێر فشارێکی گەورەوە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لە گەڵ هەرێمی کوردستان ئاسایی بکاتەوە. ئەمانە و گرێبەستە نەوتییەکانی پەنجا ساڵەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە گەڵ کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وڵاتانی زلهێز و هەنارده کردنی نەوت لە رێگەی خاکی تورکیاوە، وایان کردووە ناوەندەکانی بڕیاردان پشت لە هەرێمی کوردستان نەکەن و ببنە پاڵپشتییەکی گەورە بۆ هەرێمی کوردستان. بۆیە پێویستە خۆڕاگر و پشوو درێژبین و هاوکاری حکوومەت و دەسەڵاتی سیاسی کورد بکەین بۆ دەرباز بوون لەم قەیرانە سیاسییە کاتیە و شەڕە سەپێنراوی وڵاتانی ئەقلیمی.




# گەمە قورسەکە نزیک بۆتەوە





3

**سەردار جاف**

## تورکیا

خەباتی ئابووری ئەو دەسکەوتە بوو لە رێککەوتنە پەنجا ساڵییەکەی نێوان کوردستان و تورکیا کەهەرزوو کوردستان کۆششی بۆکرد و مەبەستیش لێی ئەمڕۆ بوو کە کورد هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی بنێت، و ریفراندۆم بکات و رای گەلی خۆی بە دونیا بگەیەنێت، گورزی گەورەیش بەر ئابووری تورکیا بگەیەنێت، هەنگاو نەنانی تورکیا لە داخستنی سنوور و گرتنەوەی بۆڕی نەوتەکە و لەشکر کێشی پەیوەستە بە دوو فاکتەری سەرەکییەوە، یەکەمیان ئابووری و دووەمیان دەست بەتاڵبوونی سەران و دەوڵەتی تورک لە پەیوەندی دیپلۆماسی کە خەریکە سەریان دەخوات و دووچاری گێژاوی کردوون.

دەسەڵاتدارانی تورکیا هەر زوو درکیان بەم گەمە قورسە کردبوو، چاک لەوە حاڵی ببوون کە مەبەستی بەرتەسککردنەوەی ئاگرەکەیە لە دەوروبەری سنووری وڵاتەکەیان و بینەقاقای دابەشبوونی خاکەکەیان دەگرێتەوە، سەرەتا بە بڕوبیانووی هەبوونی دەستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کودەتاکەی مانگی تەموزی ساڵی رابردوو و دنەدان و دەست لە پشتدان و پشتگیریکردنی بزوتنەوەکەی فەتحوڵڵا گویلەن، هێدی هێدی رووی ئەم وڵاتە بەرەو بلۆکی رۆژهەڵات وەرچەرخا، لە بنەرەتیشدا مەبەست ئەو بزوتنەوە نەیارەی دەوڵەتی تورکیا نەبوو، وەلی ئامانجەکە ئەو گەمە قورسەیە کەوا دەردەکەوێت نزیک بوویێتەوە، تەواو پشتقایمی خۆی لە رووی سەربازی و ئابوورییەوە بۆ روسیا راگەیاند، هەر کڕینی موشەکی دوور مەودا تا بە غازی روسی دەگات، ئێمە وای کرد پشت ئەستوور بێت بە وڵاتی روسیا، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە روسیا لە سەروبەندی خستنەخوارەوەی فڕۆکەکەی لە لایەن تورکیاوە، لایەنی دووەم بە ئاشکرا پشتگرییەکی خۆی بۆ شەرڤانان و گەریلاکانی سەر بە پارتی کرێکارنی کوردستان دەردەبڕی و تورکیا هەستی بە زەبری گورچکبڕ دەکرد بۆیە بە خێرایی ئەو پەیوەندیانەی لە گەڵ روسیا چێ کرد، ئێستایش جگە لە پشتگیری کردنێکی کەمی روسی بۆ شەرڤانانی پارتی یەکێتی دیموکراتی لە کوردستانی رۆژئاوا ئەو باس و خواسە گەرم لاگیرییەی بۆ گەریلاکان نەما، بەڵام تورکیا جارێکی دیکە دووچاری دۆزەخێکی دیکە بۆتەوە ئەویش کە ناتوانی تەواوی سنووری بەرووی کوردستانی باشووردا دابخات، بەهۆی ئەو رێکەوتننامە وزەییەی مانگی دووی رابردووی نێوان گەورە کۆمپانیای رووسی و هەرێمی کوردستان، کە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بە کوردستانەوە بەستەوە لە حاڵەتی داخستنی لە لایەن تورکیاوە گوشارەکانی روسیای بەسەرەوە زیاد دەکات و دەوڵەتی روسی ئەوەی نەشاردۆتەوە و چەندین جار لێدوانیان لەو بارەیەوە داوە، لە لایەکی دیکەوە پەیوەندییە دیپلۆماسییە گرژییەکانی تورکیا و ئەوروپا گەیشتۆتە ترۆپک نەمازە لەگەڵ دەوڵەتی ئەڵمان کە بە گەورەترین بازاڕی تورکی هەژمار دەکرێ و وڵاتی دووەمیش بە هۆی ناکۆکییەکانیانەوە لە ئەنچەرلیک کشانەوەی خۆی جاڕدا، سەرەڕای ئەم ئاڵۆسکبوونی رەوشە بە دۆراندۆری تورکیاوە، چاوبڕینی وڵاتی تورکیا لە پەلهاویشتن بۆ وڵاتانی دەوروبەر کە بەلاسایی کردنەوەیەکی سەردەمیانەی کۆماری ئیسلامی ئێران دادەنرێت، زیانێکی دیکەی گەورەی پێ دەگەیەنێت، خۆ هەڵقورتاندن لە سووریا و ئێراق و شکاندنی گەمارۆی ئابووری سەر قەتەر و ناردنی هێز ئەو دەستە شاراو و پڕ گومانەی لای وڵاتانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات ئاشکرا کرد و پێویستە بە جۆرێک هەنگاو بنێت وڵاتەکەی لەو دابەشبوونە بپارێزێت کە سەرو تەپۆکی دەگرێتەوە، پێشتریش دەوڵەتی تورک چەندین پەلوپۆی دیکەی هاویشتووە و کۆمەڵی نێو دەوڵەتی بە هۆی هاوڕابوون و هاویار بوونیانەوە بێدەنگیان نواندووە،قبرسی تورکی و تورکمانستان و ناگورنوکەرەباغ بە نمونە رەنگە ئەو دۆسیانەیشی هەڵبدرێتەوە ئەگەر دوور خستنەوەیشی بە دوور نازانین لە پەیمانی ناتۆ، کودەتای سەربازیش جارێکی دیکە لە تورگکیا و لە سایەی ئەم تاک دەسەڵاتیەی کە هەیە بە دوور دەزانرێت، نائومێد بوونی زلهێزانیش لە کودەتا، وا دەکات هەنگاو بۆ پلانی 2و ئەوانی دی ببرێت، هەر ئەمەیش وا دەکات لە ئایندەدا بە هەر پاساو و دەرچەیەک بێت پارتی کرێکارانی کوردستان لە لیستی تیرۆری وڵاتانی ئەوروپی و خۆرئاوا دەربکرێت و گەمە بەرەو خۆش بوون هەنگاو دەنێت... تاکە مەنفەز بۆ تورکیا داننانە بە دەوڵەتی کوردستانی باشوور بۆ ئەوەی ماوەیەک ئاگری پارچە پارچە بوونی خاکەکەی لە خۆ دوور بخاتەوە.